## چالاكیەكانی ناوەندی چاك – دانیمارك لە یادی كارەساتی هەڵەبجەدا




ناوەندی چاك – دانیمارك لە یادی كارەساتی كیمابارانی هەڵەبجەدا لە پێناوی زیاتر ناساندی تراژیدیا و ژینۆسایدی گەلی كورد بە زنجیرەیەك ئەرك و چالاكی هەڵسا. كە ئەمانەن:

### گوتنێک لەسەر کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفال لە کەنیسایەکی دانیمارکی لە 11ی مارسی 2007 دا

لەڕوانگەی هەوڵەكان بۆ ناساندنی كارەساتی كیمیابارانی هەڵەبجە بەتایبەتی و ژینۆسایدی ئەنفال بەگشتی بۆ خەڵكی دانیمارك، لە ڕێكەوتی 11ی مارسی 2007 دا ناوەندی چاك لە دانیمارك گوتن و گفتوگۆیەكی لە كەنیسای سانت پۆل لە گەڕەكی هۆیەتاستڕۆپ لە كۆپنهاگندا بۆ ئامادەبووانی كەنیسە سازكرد.



سەرەتا قەشەی كەنیسا هێمای بۆ كارەساتی هەڵەبجە و ئەنفال بۆ ئامدەبووانی كەنیسا كرد و هانی ئامادەبووانی لە گوێگرتن بۆ كارەساتەكە دا. بەیان و بڵاوكراوەی ناوەندی چاك كە سەبارەت

به کارەساتەکانی هەڵەبجە و ئەنفال کە بەزمانی دانیمارکی نووسرابوون، لە لایەن ئەندامنی چاکەوە دابەشکرایە سەر ئامادەبووان، پاشان لە لایەن ئەندامێکی ناوەندی چاک گوزارشتی کارەساتەکانی هەلەبجە و ئەنفال کراو و چۆنیەتی ژینۆسایدکردنی گەلی کورد لە لایەن ڕژێمی ئێراقەوە ڕوونکرایەوە. هەروەها هێما بۆ ڕەوشی ئێستای قوربانیان و بارودۆخی ئێستا و ئەگەری دووبارەنەبوونەوەی کارەساتی ژینۆساید کرا. ئامادەبووان بەگەرمی گوێیان لە گوزارشتەکە گرت، هەندێ کۆمینتار و پرسیار و وەڵام لەسەر بابەتەکە کران. هەروەها گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە لە نێوان ئەندامانی چاک و ئامادەبووان تا کۆتایی بەگەرمی بەردەوام بوو.

## گفتوگۆ و زانیاری بەخشین بە خوێندکارانی دانیمارکی لە خوێندگەیەکی دانیمارکیدا لە 16ی مارسی 2007 دا

هەر لە ڕوانگەی بۆ زیاتر ناساندنی کارەساتی هەلەبجە و ئەنفال لە ڕۆژی یادی کارەساتی هەلەبجەدا،سەرلەبەیانیەکەی هەندێ لە ئەندامانی ناوەندی چاک سەردانی ئامادەیی هیمەلیو لە شاری ڕۆسکیلەدا Himmelev Gymnasium- HF / Roskilde کرد ، ئەندامانی چاک لە میانەی وۆرک شۆپێکی پرسیار و وەڵامدا دەستیان بە گفتوگۆ و زانیاری گۆڕینەوە بە زمانی دانیمارکی لەگەڵ خوێندکارانی خوێندگەکەدا دەستپێکرد. شایانی گوتنە خوێندکاران زۆر بەگەرمی پێشوازیان هەبوو و پرسیاریان لەسەر کارەسات و تراژیدیاکانی هەلەبجە و ئەنفال لە ئەندامانی چاک دەکرد و گفتوگۆیان لەسەر دەکردن. خوێندکاران لەگەڵ ئەندامانی چاک دا بەدڵخۆشیەوە دەستیان بە بڵاوکردنەوەی بەیان و نوسراوەکانی ناوەندی چاک لە خوێندگەکەدا کرد.




**هیمەلێو گیمنازیۆم لەباژێری ڕۆسکیلدە**

## یادی هەلەبجە بۆ کوردستانیانی دانیمارک لە شاری کۆپنهاگن لە 16ی مارسی 2007 دا

بەبۆنەیساڵیادی تراژیدیای هەڵەبجە لە رۆژی 16ی مارسدا لە گەرەکی ئەلبەرتسلوند لە شاری کۆپنهاگن، لەژێر دروشمی "هەڵەبجە لە یاد مەکەن" یادی هەلەبجە بە شێوەیەکی شایستە کرایەوە.











سەرەتا ئامادەبووان یەکی مۆمێکیان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی هەڵەبجە و سەرجەم شەهیدانی کوردستان داگیرسان.پاش بەخێر هاتن ودەقەیەک وەستان بۆ رێزلێنان لە شەهیدان،وتاری کۆمیتە خوێنرایەوە کە تێیدا ئاماژە بە گرنگی ئەم یادە لە دیرۆکی ئێمەی کورددا کرابوو،هاوکات تێیدا تیشک خرابوویەسەر ئەو دۆخەخراپەی کە بازێری هەڵەبجەی تێداتێدەپەرێت لە دواکەوتوویی و نەبوونی خزمەتگووزاری وخراپی باری تەندرووستی هاوولاتیان بەتایبەتی بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی.

پاشان چەند پارچە موزیکێکی ماتەم لەلایەن هونەرمەندی بەتوانا گۆران ئیبراهیم محەمەدەوەپێشکەشکرا ، چەند برگەیەکی گۆرانی ماتەمیش لەلایەن خوشکە رووباری هاوسەری کاک گۆرانەوە خویندرا.

لەمیانەی مەراسیمەکەدا خوشکە دڵخواز پارچە هۆنراوەیەکی بۆ یادەکە خوێندەوە. بەدوایدا خاڵە حەمەی شاعیر هۆنراوەیەکی بەسۆزی خوێندەوە کە مایەی دەسخۆشی و رەزامەندی ئامادەبووان بوو.

پاشان کورتە فلیمێکی ڤیدیۆیی لەمەڕ بازێری هەڵەبجە کە لە لایەن گۆران هەڵەبجەیی ئامادەکرابوو وە کاک ئاسۆ جلال مۆنتاژی کردبوو پێشکەشکرا.
هەروەها لەلایەن نوێنەرانی نوێنەرانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبی شیوعی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان وکۆمەڵەی ئینسیاتیڤی کورد و کۆمەڵەی کوردی لە ڕۆسکیلدە لەسەر شێوەی پێشنیارو پلان باس لەسەر چۆنیەتی هەوڵەکان بۆ ناساندنی کارەساتەکانی ئەنفال و هەڵەبجە بە خەڵکی دانیمارکی کرا و بیرورا گۆڕدرایەوە.



شایانی گوتنە وێرای دەستخۆشی هەمووئامادەبووان و لایەنە سیاسیەکان بۆ ئەنجامدانی ئەو چالاکیە، لە لایەن هەریەک لە بەرپرسی یەکیەتی نیشتمانی کاک هیمداد و بەڕێز فەرهاد فەیلی ئەندامی یەکیەتی کۆمەکی 1000 کرۆن و 250 کرۆن پێشکەشی ناوەندی چاک کرا، سوپاسی کۆمەکەکانیان دەکەین.
کورد تی ڤی کۆبنهاگن ڕیپۆرتاژێکی لەمەڕ مەراسیمەکە سازکرد و هەمان شەو پەخشکرا.

**ناوەندی چاک**
21/03/2007